# دەقنامە

**محەمەدعەلی قەرەداغی**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

بەرگی یەکەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ناوی کتێب: دەقنامە – بەیت و هۆنراوە کوردییەکان – بەرگی یەکەم
دانانی: محەمەدعەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠١
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەسۆز هیمداد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٦٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

لەمەوبەر چەند مامۆستای بیانی و کورد هەوڵی کۆکردنەوەی تێکستی کوردییان داوەو لەم بوارەدا شوێندەستیان دیارە و، پلەی پێشەنگی و پێشقافڵەیی بە دەستهێنان و فەراهەمکردنی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەب و زمانی کوردییان پێ بڕراوە،(١) بەندەیش شەرەفی ئەوەم هەیە لاسایی ئەوانەم کردووەتەوەو، شوێنپێیانم هەڵگرتووە، شانم داوەتە ژێر سووچێکی ئەو ئەرکە پیرۆزەو، لە ماوەی کارکردنم لە بواری کۆکردنەوەی کەلەپووردا چەند دەقێکی دەست پێ نەگەیشتووی پێش خۆمم خستووەتە ریزی ئەو کارانەی پێش من ئەنجامدراون و، ڕۆڵێکیان لە دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی مێژووی ئەدەب و زمانی کوردیدا بووەو، تا ئەندازێك لەو لێکۆڵینەوە و باسانەدا لەسەر زمانی کوردیی نووسراون – بە شیعر و پەخشانەوە– ڕەنگیان داوەتەوە.

بەڵام بەری هەوڵەکانم پەڕاگەندەو لە هەندێ شوێندا دوورە دەستن و، هەندێکیشیان–

---

(١) بڕوانە:

أ– تێکستی کوردی، کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی ئەلبێرت فۆن لۆکۆك. پێشەکی و لە چاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵڵا. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

ب– تحفەی مظفریە بە زمانی کوردی موکریی، کرداری ئۆسکارمان، بەرلین ١٩٠٥. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

ج– گەنجینەی بەیتی کوردی، سەرجەمی بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی. چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧، دەزگای ئاراس.

د– گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەدی بەحری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٠.

ئەوانەیان بڵاوکراونەتەوە– بە ژمارەی کەم، کاتی خۆی، چاپ بوون و، ئێستە نوسخەیان دەگمەنەو، دەست لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕان ناکەون. جگە لە بڵاوکراوەکانیش چەند دەقی بڵاونەکراوەی شیاوی بڵاوکردنەوەم دەست کەوتووە، وەك دەقە بڵاوکراوەکانیش لە سەردەمی بڵاوکردنەوەیاندا دەقی کەم و تاقانەیانم لە دەستدا بوو، دواتر نوسخەی باش و پوخت و جێگەی متمانەی زیاترم دەست کەوت.

ئەمانەو هۆگەلی دیکەو، بۆ ئەوەیش بە لێکۆڵینەوەی ڕەساترەوە دەقەکان بڵاو بکرێنەوە... وام بە باش زانی ئەم بەشەی بەردەستتان وەك (بەرگی یەکەمی) (دەقنامەی کوردی) بڵاو بکەمەوە، ئەگەر تەمەنیش بە بەریەوە بوو ئەوانەی لە لام ماون و ئەوانەیش لەمەولا بە یارمەتیی خوداو، بە هەوڵ و کۆششی کەلەپوور دۆستان دەست دەکەون، لە بەرگێك، یان لە بەرگانێکی دیکەدا، بڵاو بکەمەوە، خۆ ئەگەر بۆ منیش نەلوا، یان مەرگ مۆڵەتی نەدا، ئەوە ڕێگە لە بەردەمی شارەزایاندا ئاوەڵەیەو، دەکرێ ئەوەی من بۆم نەلواوە و پێم نەکراوە ئەوان ئەنجامی بدەن.

ئەم تێکستانەی ئێرە پەخشان و شیعرن. منیش بەو شێوە دەیانکەم بە دوو بەش و، بەپێی کۆنی و مێژووی دانان و نووسینەوەیان – ئەگەر زانرا– دابەشیان دەکەم.

بەو پێیە ئەم بەرگە ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە:

**بەشی یەکەم**

١– مەهدی نامە

٢– تذکرة العوام

٣– وەفاتنامەی پێغەمبەر (د.خ)

٤– بەیتی حسەین

٥– بەیتی شێخ جافر

٦– صەلەواتنامەی ئەحمەد

٧– کۆتایی صەلەواتنامەیەکی دی

٨– دەقێك لە هۆنراوەی صەلەوات

٩– بەیتی خالید پاشا

١٠– بەیتی میر یەحیا

١١– بەیتی دەروێش مصطەفا

١٢– بیت الحشر

## بەشی دووەم

### پەخشانی کوردی

١– عەقیدەی کوردی سەید طاهای شەمزینی

٢– عەقیدەی مەولەویی بە پەخشانی کوردی

٣– عەقیدەی کوردی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی.



دەستخەتی عەقیدەی مەولەوی

بیت الحشر شوقی راست مشهور به (عبازاده) است ........ ٣١٤
بەشی دووەم ........ ٣٢٣
پەخشانی کوردی ........ ٣٢٩
هذا رسالهٔ عقاید از کلام سید طه شمزینی ........ ٣٠٥
عەقیدەی مەولەویی بە پەخشانی کوردی ........ ٣٣١
باسێکی دەستخەتەکە ........ ٣٣٨
دەقەکە ........ ٣٤٠
عەقیدەی کوردی دانراوی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی ........ ٣٤٩
ژیاننامەیەکی نوێی عەبدولعەزیزی دانەری عەقیدەی کوردی ........ ٣٥١
سەرچاوەی زانیارییەکان دوو جێگەن ........ ٣٥٢
سەرەتای چاپی یەکەم ........ ٣٥٤
بایەخی ئەم نامیلکە لەوەدایە ........ ٣٥٤
عەقیدەی کوردی ........ ٣٥٥
دواقسەم ........ ٣٦٤

# دەقنامە